Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.27 00:38:24 +01'00'

# بەرگری لە خودا

## هاوڕێ باخەوان

خـودا، خـوا، خـودێ، خـودان, یـەزدان و هتد ئەو وشانەن کە کورد هەزاران ساڵە بۆ یەزدانی بەکاردەهێنێت. ئەم وشانە لە کوردیدا واتای خاوەنیش دەگەیەنن. پێدەچێت بیرۆکەی ناوی خوداش هەر لە خاوەندارێتییەوە هاتبێت.

زۆرجـار وشـەی ئـەڵڵای عەرەبـی بـە هەڵـە بـۆ خـودای کـوردی پەرچڤە دەکرێت. دیارە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەوروپییـەکان دەمـێکە هەسـتییان بـەم هەڵەیـە کـردووە و وشەی ئەڵڵا بۆ زمانەکانی خۆیان پەرچڤە ناکەن و هەر بە ئەڵڵایی دەیهێڵنەوە.

بـەڵام لـە کـوردیدا ئـەم وشـەیە بـۆ خـودای کـوردی پەرچـڤە دەکرێت. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە کورد لە خودی عـەرەب زۆرتـر موسـوڵمانێتیی بەهەنـد گـرتووە. جیاوازیی نێوان ئەڵڵا و خودا هێندەی جیاوازیی نێوان هەردوو زمانی عەرەبی و کوردییە.

لەکاتـێکدا دەگووترێت "الله اكبر" و بە کوردیش بۆ "خودا گەورەیە" پەرچڤە دەکرێت، هەڵەیەکی گەورە دەکرێت و راسـتییەکەی ئەوەیـە بگووتـرێت "ئـەڵڵا گەورەیە". چونکە هەردوو وشەکە و واتا گیانییەکانیان جیاوازییەکی زۆری هەیە.

ئـەڵڵا کاتـی خـۆی نـاوی یەکـێك لە بتەکانی ناو کەعبەی موسوڵمانان بووە و پاشان بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە لەم ئەڵڵایەی ئێستادا بەرجەستە بووە.

دیـارە هـەر نەتەوەیـەك تێڕوانینێـکی جـیاوازی هەیـە بـۆ خـودا، تەنانـەت لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـریش دەگۆڕدرێت. لای هەنـدێك کـۆمەڵ یـان کەسـانێك ئـەو خودانەی کە پێی دەگوترێت خودا، ئەڵڵا و ئیل و گۆد یان هەر ناوێکی تر، کەسێکی بەبەزەییە، لەخۆبردووە، میهرەبانە، ژیرە و زۆر کاری باشەی تریش.

بـەڵام لای هەندێکـی تـر ئـەو خودانە بەزەبر و زەنگە، بەناوییەوە ئەنفالی خەڵکی هەژار دەکرێت، دەبێت هەردەم بیپەرسـتیت، لێـی بترسـیت، خۆتـی بـۆ سـەرما و برسـی بکـەیت... ئەگـەر نا ئەوا دەسوتێیت، ئەشکەنجە دەدرێیت، سووکایەتیت پێدەکرێت و زۆریتر..

خـودای منـیش درۆ نەکـردنە، دەسـتپاکییە، هاوڕێیەتیـیە، نیشتمانخۆشویستنە، مرۆڤخۆشویستنە، دژایەتیکردنی زۆر و زۆردارییە, کوردایەتییە و ژیانێکی ئازاد و یەکسانە بۆ هەموو کورد و هاوکوردستانییان و پاشان مرۆڤایەتی.

2004-01-26

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com